www.kurdistannet.org
9-7-2006 1:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لەچوار ساڵ خوێندنی زانکۆ چیم بینی؟ ... هێمن عومەر خۆشناو

Hem992003@yahoo. com



قسەکردن لەسەر قۆناغێکی گرنگی نێو پرۆسەی خوێندن و بە ئەکادیمیبوون تێیدا، رەنگە زۆر دژوار بێت بەتایبەت لەو رووەوە کە بە قۆناغێکی پڕ بوون لە مەعریفە و لووتکەیەکی پڕ لە سەهۆڵی زانست و زانیاری ناسراوە لە لایەن گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵ، وێڕای ئەوەی لە سەرێکیشەوە ئەم چوار ساڵی خوێندنی زانکۆیی بووەتە جێی هیواو ئومێدگەلی خەڵکی بە خەیاڵی ئەوەی هەرکەسی لەم بەهەشتی پڕ زانست و مەعریفە بە سەرکەوتوویی دەرچوو، ئەوا نەك هەر زانایانی دوانزە عیلم بە شاگردی خۆیان قبوڵ ناکەن بەڵکو ئەوان لە سەرووی بیست زانستییەوەشن. ئەمە رەنگە کەسێك کە خۆی لە دەرەوەی ئەم دەزگا ناونراو بە زانکۆ بیبینێتەوە، خۆی وا دابنێت کە لە دەرەوەی دەریا بەهەشتییەکەیەو بە تام و لەزەتی ئەم شوێنە نەگەیشتووە و بۆنی بە قسمەت نەبووە. بەڵام دڵنیام کەسێك لە دەرەوەی قۆناغی زانکۆیی هۆشیارانە بیر بکاتەوە و بژیێت دوو ئەوەندە بە لوتکەی عیلم و مەعریفە دەگات. ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە هەموو شتەکانی جارانی سفر بکرێت، بەڵکو کەسانی وای تێدایە کە پێویستە هەموو کۆمەڵگا شانازییان پێوە بکات و لە سەرچاوی خۆیانی دابنێت، چونکە ئەگەر تۆزقاڵێکیش تریسکایی زانست لەوێوە ما بێت ئەوان مۆم هەڵگر و داگیرسێنەرینی.

بەندە یەك دوو مانگم ماوە چوار ساڵی رەبەق لە زانکۆ ببەمە سەر، لی دەمەوی سوپاسی ئەو مامۆستا بەرێزانە بکەم کە هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوو دڵسۆزانە لەگەڵ فێرخوازەکاندا هەڵبکەن و قوتابیان بەرەو ئاراستەیەکی تۆکمە بەرن و شادیان کەن بەو ئامانجانە و راستە رێی زانستیان نیشان بدەن، هەروەك ویژدانی خۆشیان ئاسوودە کرد.

لەهەمان کاتدا ئێستا وێنەکان دەخەمە بەرچاو دەزانم قوتابی ئەو چوار ساڵەی لە زانکۆ بەسەر برد، دوو بەشی کاتەکانی بە گەڕان و سوڕان و پیاسەو ئەملاو ئیملا بەسەر برد، رەنگە ئێستا خوێنەر بڵێ مامۆستاکانیش کەم تەرخەم بوون بەرامبەر بە گەیاندنی زانیاری بۆ قوتابی، بەڵام ئەگەر قوتابی خۆی دەرگاکانی لەسەر خۆی داخست خۆی ئامادەیی تێدا نەبوو بۆ وەرگرتنی زانیاری، ئەگەر نایەوی لە مامۆستاکەشی وەربگری بە بیانووی ئەوەی مەنهەجەکەی کۆن و سەقەتە خۆ جاری نەمانبینی کتێبخانەکان جمەیان لە خوێنەر بی و رۆژانە قوتابی سەرێکی لیبدا. ئاخر ئەوەی من بینیم قوتابی ئەوەندەی تووشی قەیرانی نەخۆشی خوێندنەوە - نا ببورن قەیرانی دەروونی بەرامبەر بە رەگەزی بەرامبەر بوو ئەوەندە خولیای سەرچاوە پەیداکردن و خوێندنەوەو نووسین نەبوو. ئەوەندەی کوڕ دەیەویست پەیوەندییەکی کەپلاندنی رۆتینی لەگەڵ کچ دروست بکات بۆ بەرچاوی برادەرانی تری و بۆ دیکۆر و دیکۆڕ بازی کە بە پێچەوانەوە لای کچیش ئەم دیاردەیە دەبینرا ئەوەندە گەشبین نەدەبووی بە ئایندەی بیرکردنەوەی نەوەکانی دوارۆژت کە گوایە مییلەت چاوەڕوانیانە.

لەوێوە ئەز زانکۆم هەمیشە وەك بازاڕێکی نمایشکردنی جل و بەرگ دەهاتە پێش چاو کە بە رووخسار پێشکەوتوو بە ناوەڕۆکیش بۆگەن و بە بیرکردنەوەش هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ بیرکردنەوەکانی ناو بازاڕ و شۆستەو سەر شەقامەکان.

تۆ چ ئایيندەیەك لە چاوی ئەو قوتابیە زانکۆییە دەبینی کە هەموو ئامانجی ئەوە بوو بۆ ماوەیەك لە گەڵ ڕەگەزی بەرامبەری لاف و گەزاف لەناو کۆلێژەکەی لێبدات و دواتریش پولێك بەو برادەرایەتییەوە بنی کە ناوی لێنا بوو برادەرایەتی یا خۆشەویستی. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەمڕۆ لەم جۆرە قوتابییە خوێندن تەواو دەکەن و بە دەرچووی زانکۆ یا لوتکەی پێشکەوتنی کۆمەڵ دەناسرێن، بەڵام دڵنیام کەسیبکی تا سەر ئێسقان خۆپەرست و خیانەتکاری لێدەردەچی بەرانبەر خەڵك و نیشتمانەکەی، وەك چۆن ئەو کارانەی لە کۆلێژەکەی دەیکردن قەت ئامادەنەبوو لەو جۆرە بەرانبەر کەسی نزیکی خۆی بکرێت.

هەرچەندە گەشبینیش نیم بە ئایندەی قوتابیانی زانکۆ و پرۆسەی خوێندنیان و بڕوام وایە لۆژیکی ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار لەناو ناخی زانکۆدا بەرجەستە بووەو بەرجەستەش دەبێت تا هۆشیارییەکی فراوان و گشتی ڕووپەری دەروونی فێرخوازانمان نەگرێتەوەو نەزانن لەکوێوە هاتوون و بۆچی دەخوێنن و ئامانجە سەرەکییەکانیان دیار نەکەن، دڵنیام بارەکە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوەو لەجیاتی پیاسەیەکی بازاڕو شێخەڵلا بۆ ئەوان هەر یەك تاس و حەمامەو شەهادەکەش لە زیادەیە بۆیان.